# بەڕێوەبەرێک دەستی چوار خوێندکاری دەسووتێنێت

خالید مەحمود



بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی بنەڕەتی لەقەزای پێنجوێن، جگە لە ئازاردانیان، سزای چەند خوێندكارێك دەداتو دەستیان دەسوتێنێت، بەڕێوبەرێتی پەروەردەی قەزاکەش، رایدەگەێنێت، کە ناوبراو لە بەڕێوبەری لادەدرێت و گواستراوەتەوە، بەرێوەبەرەکەش بیانووی ئەوە دەهێنیتەوە، ئەو کارەی بۆ سوعبەتكرنو ترساندنی خوێندکارەکان کردووە.

ئەو خوێندکارانەی سزادراون، لەقوتابخانەی بنەڕەتی گوندی نەرزەنەی سەر بەناحیەی (گەرمك) دەخوێنن، کە 13 کیلۆمەتر لەقەزای پێنجوێنەوە دوورە.

رێژین خالید خوێندکاری پۆلی دووەم، یەکێکە لەو قوتابییانەی دەستی سووتێنراوە، ئەو لەکاتێکدا دەستی نیشانی پەیامنێری هاولاَتی دەدا، وتی: «لەکاتی هاتنەوەی نمرەدا، دەرچووبووم، بەلاَم مامۆستا هونەر دەستی بەچەرخ سووتاندم، بەردەوام سەریشمان بە توندی ئەدات بەیەکداو بەدار لێمان دەدات».

ئەو خوێندکارە، دەڵێت «ئەگەر دەستمان بسووتێنن، ناڕۆمەوە بۆ مەکتەب».

بەرهەم خالید لەپۆلی پێنجەم، یەکێکی ترە لەمنداڵە سزادراوەکان، وتی: «داغیانکردم، بەدار و سۆندەش لێیانداوم، جاری وا هەبووە، مامۆستا پێلاَوی بەتەلەبە داکەندووە و بە دار لە قاچی داوە، سوێندمان دەخوارد لێمان نەدات، بەلاَم ئەو دەیوت برِوام بە سوێند نییە».

ئاڵتون مەحمود، دایکی ئەو خوێندکارە، ئاماژە بەوەدەدات، کە کوڕەکەی لەترسی ئەو مامۆستایە، وازی لەخوێندن هێناوە.

ئەو دایکە وتی: «بەمامۆستاکەمان وت، بۆچی واتلێکردووە، وتی: سوعبەتم لەگەڵ کردووە».

سروە کەمال خوێندکاری پۆلی سێیەم، یەکێکی ترە لەخوێندکارە سزادراوەکان، بە هاوڵاتی وت»کارتەکەم وەرگرت، پێنج دەرس کەوتبووم، بۆیە مامۆستا هونەر بەچەرخ داغیکردمو بەدار لێیدام».

شوان محەمەد پۆلی دووەم، وتی: »دەرنەچووم، مامۆستا 10 داری لێدام و دەستی بەچەرخ داغکردم».

موحەمەد کەریم، باوکی شوان، وتی: «منداڵ سوتاندن و لێدان، سوعبەت نییە».

لەمبارەیەوە، هونەر لەتیف بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، بە هاوڵاتی وت «لەدڵسۆزیداو لەوەی هەوڵیان نەدەدا، تەنیا ترساندومن تا سەعی بکەن، چونکە دوای وەرگرتنەوەی نمرەی وەرزی یەکەم، زۆربەیان دەرنەچووبون».

لای خۆیەوە، ئیسماعیل عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری پەروەردەی پێنجوێن، لە لێدوانێکدا بۆ هاوڵاتی وتی: «دوای ئاگادارکردنەوەم، لەگەڵ یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەدا، سەردانی گوندەکەمان کرد و بڕیارماندا ناوبراو لە بەڕێوەبەری لابدەین و بیگوازینەوە بۆ قوتابخانەیەکی دوورتر».

بەڵام، هونەر لەتیف، رەتیدەکاتەوە بە هۆی ئەو کارەوە سزادرابێت و وتی:«من مامۆستا بووم نەك بەڕێوەبەر، تەنیا کرابوومە وەکیل مودیر».

سەرچاوە: رۆژنامەی هاووڵاتی